# بەرگری لە شێخ ( زانا )

**موجاهیدێک**

ئەی شێخی شێخان  هەی سیمبولەکەی  ڕێگای تێکۆشان
( زانا )ی کۆڵنەدەر  پیاوی چاونەترس  لە ئەمن و زیندان

نەوەی پێغەمبەر  پڕ هیممەت و فەڕ  بە عیلم و عیرفان
پەروەردەی تەکیە  فەقێی مزگەوتان  دەم بە شایەتمان

مایەی شانازیت   بۆ دینی ئیسلام  بە بەڵگەت سەلمان
هەرچیت کردووە  بۆ خودا بووەو  بۆ بەرزی ئیسلام

ئیسلامی ڕەسەن  ڕیشت سوننەتیی  دوژمنی شەیتان
شەیدای منارەو   نوێژی جەماعەت  شازی موسوڵمان

دڵسۆزی فەرزان  ماندوونەناسی  لە ڕێگای یەزدان
زیارەتی کەعبەو  فەرزی حەجکردن  هەر خۆت چوارت دان

سی ڕۆژ ڕەمەزان  شەشی شەشەڵان  نۆمینەی حاجیان
هەمووی پێ دەبووی  بە سکی برسیش  شێر بووی لە مەیدان

سورەت و ئایەت  هەمووت لەبەر بوون  بە فکر و ڕەوان
( فیقه ) و شەریعە   بەلاغە و تەفسیر   زانستی قورئان

شوکور خۆت زانای  کە فەرزی جیهاد  فەرزێکە عەیان
ئەرکی ئێستایە  بۆ دەسەڵات و  کۆمەڵگای یەکسان

گرویت ساز دا   کارت دابەش کرد  وەسیلە دەیان
عبوەی تی ئێن تی  شمشێر و چەقۆ  قوون و کچی جوان

بکوژن ببڕن  مل بپەڕێنن  با ڕابێن دەستان
لاوی سەرشەقام  منداڵی کاسب  نێچیری ئاسان

منداڵ بن یا ژن  هیچ فەرق ناکا  بۆ دین و ئیمان
پارە پارە کەن  فلیم دەربێنن  لە ماڵ و دوکان

گۆشتی شلکەی ڕان  نیوەی لە حەیوان  نیوەی لە ئینسان
خێری شێخ زانا   بەشی دراوسێ  بۆ ئەجر و ئیحسان

شێخی موجاهید  عەشقی ئیجتیهاد  خولیای داهێنان
بەهەشتت داگرت  ئایەتی غیلمان  ئیلهام لە قورئان

بۆ یەکتان تێ خست  لەناو خۆتانا   گروپی ئیمان
کەس نەما نەیکا  کەس نەما نەیدا  برای موسوڵمان

ئەمیری گروپ  قسەت فەتوایە  ناکرێ لادان
شەراب و بیرە  ئاوی بەهەشتە  نۆشی گیان

خەڵک نارازین  کەیفی خۆیانە  بڵێن بۆ خۆیان
ئامانجی ئێمە  حوکمی یەزدانە  نەک ڕەئی کوردان

ئافەرین یا شێخ  ڕابەری چاکی  لە ڕیزی میران
جێتان بەهەشتە  خۆت و برایان  حەیفە کە گیران

ئێمەی هاوپەیمان  یەکگرتوو کۆمەڵ  ڕۆحمان فیداتان
بڕیارمان وایە   بەرنەدەین ڕێگاتان   بەرەو هیواتان

لە لای ئاسایش  ناومان مەهێنن  ئێوە و خوداتان
بەرز و پیرۆز بێت  ئاڵاکەی ئیسلام  دڵمان لە لاتان.